# أختاه أين تذهبين

إعداد/أ.أحمد عمران
ترجمة/أ. حمه أمين أحمد برزنجي

بسم الله الرحمن الرحيم

خوشكی بەڕێزم ..... بۆ كوێ دەچیت؟

سوپاس و ستایش بۆ خوای گەورە صلاوات و سەلام لە سەر نێراوی خوای گەورە (ﷺ).......دوای ئەوە.

خوشكی بەڕێزم :- فرمێسكەكان هاتوونە گوفتار، ئەی گوێ بیستەكان لە كوێن؟ ڕاستییەكان دەركەوتن، شوێن هەڵهاتنیان لە كوێیە؟ ڕێگای ڕۆشن بووە وە، ڕێبوارەكەی لە كوێیە؟ ئەی تۆ بەرەو كوێ دەچیت؟ مل بۆ كوێ دەنێیت؟ بۆ بەهەشت یان بۆ دۆزەخ؟ ئەی بێ ئاگایت لەوەی هەموو چركەكانی ژیانت دەنوسرێت و گوفتارەكانت كۆ دەكرێنەوە و چی بەدڵتا دێت دەزانرێت و هەڵسوكەوتەكانت ژمارە دەكرێن.

﴿أَيَحْسَبُ الْإِنسَانُ أَن يُتْرَكَ سُدًى﴾ [1] .

واتە : ئایا ئادەمیزاد وادەزانێت بێ لێ پرسینەوە وازی لێ دەهێنرێت؟. وا مردن یەخەی گرتی و كۆتایی ژیانتە، تاڵە مووی سپی، نزیك بوونەوەی ئەوا كۆتایی ژیانتە پێ ڕائەگەیەنێت، لەبەر دەمتا چەند قۆناغێك هەن دەبێ بە ناویاندا تێ بپەڕیت، دەتۆش ڕاپەڕە لەخەوی بێ ئاگایی و ئاگادار بەرەوە.

یەكەم قۆناغ :- مردنە، خوای گەورە بە كارەسات ناوی بردووە (مصیبة) فەرموویەتی:

﴿ إِنْ أَنتُمْ ضَرَبْتُمْ فِي الْأَرْضِ فَأَصَابَتْكُم مُّصِيبَةُ الْمَوْتِ﴾ [2]

واتە : كاتێ بەزەویدا ڕۆیشتن بۆ بەدەست هێنانی ڕۆزیتان و كارەساتی مردن یەخەی گرتن. هەندێ لە زانایانیش دەربارەی مردن ووتویانە:- (بزانە توندو تیژی ئازاری گیان كێشان، كەس هەست بە ڕاستییەكەی ناكات و نایزانێت چۆنە، جگە لەوانەی ئازارەكەی دەچەژن، ئەوانەش كە هێشتا ئازارەكەیان نەچەژتووە وائەزانن وەك ئەو ئازارە جەستەییانە كە هەستی پێ دەكەن. بە پێوانە كردن (القیاس). چونكە ئازاری گیان كێشان هێرش دەكاتە سەر گیانەكەخۆی (الروح) هەموو بەشەكانی تری جەستەش دەگرێتەوە لە دەمارو

(١) {سورة القيامة:٣٦} .

(٢) {سورة المائدة:١٠٦} .

خوێن بەر و خوێن هێنەر و جومگە و بنی مووەکـان و پێسـتی جەسـتەکەش لـە تەوقی سەرەوە هەتا بەری پێ، مەپرسـە لە گرانی و ناخۆشی و ئازارەکـەی، هـەتا ووتویانە: ئازاری گیان کێشان توند تـرە لە شمشێر لێدان و داهێنـان بـە مشـار و قرتاندن بە گاز، چـونکە ئـازاری شمشـێر لێدان و داهێنان بـە مشـار و قرتانـدن بـە گاز و شـێوەکانیان ئـازار ئەچـێژێ لەبـەر ئـەوەی پەیوەسـتن بـە گیانـەوە، ئـەی چـۆنە ئەگـەر ڕاکێشـراوو داماڵراوەکـە گیانەکـە خـۆی بێـت؟، بەڕاسـتی لێ دراو بۆیە هاوار دەکـات و دەقیـژێنێت چـونکە هێز لە دڵ و دەروونیدا ماوە، بەڵام ئەوە خەریکـە گیـانی دەکێشـرێت دەنـگ و هاواری دەبڕێت و لاواز دەبێت و لەپـەل و پـۆ دەکـەوێت چـونکە گرانـی ئازارەکـەی زۆر کاری کردۆتە سـەری و سـەرکەوتووە بەسـەر دڵیـداو پـەکی دڵـی خسـتووە بـە شـێوەیەك ئازارەکـە هـەموو جەسـتەی گرتۆتـــەوە و هـــەموو بەشـــەکانی و ئەندامـەکانی تێـك داوە و هێـزی هـاوار کردنی لێ بڕیوە، ئازاری گیان کێشانە کە مێشکی تێك داوە و زمانیشی لاڵ کردووە و چوار پـەلی لـە جووڵـە خستووە، بۆیـە ئەوکەسەی لـە گیانەڵادایـە حـەز دەکـات ئەگەر بتوانێت بە تکە تکو هاواریش بێت کەمێك بحەوێتەوە، بـەڵام ناتوانێـت، جـا ئـەو کەسـەی گیـانی دەکێشـرێت ئەگـەر هێزی تێدابمێنێ غـەر غـەرە و دەنـگ لـە قـوڕگ و سـنگیەوە دەبیسـتی و ڕەنگـی دەگۆڕێـت و لەبـەر ئـەوەی ئازارەکـە نـاوەوەو دەرەوەی لاشـەی گرتۆتـەوە، هـەتا چـاوەکانی بـەرز دەبنـەوە بـۆ لای بەشـی سـەرەوەی پێڵوەکـانی و زمـانی دەچێتەوە یەك و سەر پەنجەکانی سـەوز دەبێت، لە حاڵی ئەو جەستەیە مەپرسـە لە کاتێکدا هەموو دەمارەکانی ڕیشەکێش دەکـرێن ، پاشـان ئەندامـەکانی لـەش هـــــەمووی ووردە ووردە دەمـــــرن لەسەرەتاوە هەردوو پێی سارد دەبنەوە و پاشـان لولاقـەکانی و پاشـان هـەردوو ڕانـی، هـەر ئەندامـەش ئـازار دوای ئـازار ناخۆشـی دوای ناخۆشـی دەبێـت هـەتا گیان دەگاتە گەرووی، ئەوکاتە چاوی لـە دونیاو کـەس و کـاری دەبڕێـت ودەرگـای تەوبەشـی لەسـەر دادەخرێـت(٣)، ئـەی گیان دەرهێنەری ئەو کەسانەی لەسـەرە مـەرگ دان ئـەی لێبـوردە لـە تـاوان لـە ئاگری دۆزەخ بمان پارێزە.

قۆناغی دووەم : گۆڕە : كان عثمـان (رضي الله عنه) اذا وقف على قبر ، بكى حتى يبـل لحيته، فقيل له : تذكر الجنة والنـار ،فـلا تبكي، وتبكي من هذا ؟ فقال : إن رسول الله (ﷺ) قال : إن القبر أول منـزل مـن

(٣) انظر : الاحياء للغزالي (٤/٤٦١) .

منازل الآخرة، فإن نجا منه، فما بعده أيسر منه، وإن لَم ينج منه فما بعده أشد منه، قال : وقال رسول الله (ﷺ): ( مارأيت منظراً قط، الاّ القبر أفظع منه)[٤]، واته : عثمان (رضي الله عنه) هەر كاتێك لەسەر گۆڕێك بوەستایە دەگریا هەتا ڕیشی تەڕ دەبوو، پێیان ووت : باسی بەهەشت و دۆزەخ دەكرێت كەچی ناگریت بۆچی بۆ ئەوە دەگریت؟ ووتی : بەڕاستی پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ( القبر اول منازل الاخرة فإن ينج منها فما بعده ايسر منه، وإن لم ينج فما بعده اشد منه)[٥]، واتە گۆڕ یەكەم قۆناغی دواییە، هەر كەس لە سزای گۆڕ ڕزگاری بوو، قۆناغەكانی تری دوای گۆڕ بە ئاسانتر ڕزگاری دەبێت لێیان، هەر كەسێكیش لەسزاو ناخۆشی گۆڕ ڕزگاری نەبوو، قۆناغەكانی تری دوای گۆڕ قورس ترو گرانتر دەبن لەسەری )) . پاشان ووتوویەتی : پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی:( مارأيت منظرا قط الا والقبر أفظع منه)[٦]، واتە هەرگیز دیمەنێكم نەبینیوە گۆڕ ترسناك ترنەبووبێت لێی، لە حەدیسێكی درێژی (بەڕائی كوڕی عازیب)دا هاتووە (رضي الله عنه) ووتوەیەتی: پێغەمبەر (ﷺ) كەلەسەر گۆڕێك دادەنیشت دەی فەرموو: (إستعيذوا بالله من عذاب القبر ، مرتين او ثلاث)، واتە دووجار یا سێ جار دەی فەرموو پەنا بگرن بە خوای گەورە لە سزای گۆڕ . هەر لەوحەدیثەدا هاتووە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی (( جا گیانەكەی دەگێڕێتەوە بۆ ناو لاشەكەی و دوو فریشتە دێن دای دەنیشێنن و پێ دەڵێن : پەروەردگارت كێیە، ئەویش دەڵێت : پەروەدگارم (الله)یە، پێی دەڵێن ئاینەكەت چییە؟ ئەویش دەڵێت : ئاینەكەم ئیسلامە، پێی دەڵێن : ئەو پیاوەی نێرراوە لە ناوتاندا كێیە؟ دەڵێت: ئەو پیاوە نێرراوی خوای گەورەیە (ﷺ)، پاشان پێی دەڵێن : بەچیادەزانیت؟ دەڵێت : پەیامەكەی خوای گەورەم خوێندەوە و باوەڕم هێناو و بەڕاستم زانی، جالەئاسمانەوە بانگ بێژێك بانگ دەكات بە ڕاستی بەندەكەم ڕاستی كرد لەبەهەشت جێی بۆ ڕاخەن و پۆشاكی بەهەشتی لەبەر بكەن و دەروازەیەكی لەبەهەشت بۆ بكەنەوە، فەرمووی : جا لەبۆن و بەرامەی بەهەشتی بەسەردا دێت، هەتا چاوی بڕبكات گۆڕەكەی بۆ فراوان دەبێت، فەرموویەتی : پاشان پیاوێكی ڕێك و پێك و جوان و پۆشاك جوان و بۆن خۆش دێتە لای پێی دەڵێت مژدەبێت لێت

---

(٤) اخرجه : الترمذي (٢٣٠٨) حسن، وابن ماجة(٤٢٦٧)، وأحمد.
(٥) اخرجه : احمد (٤٥٦) مسند الامام عثمان بن عفان.
(٦) اخرجه : الترمذي (٢٣٤٥) .

بەوەی پێت خۆشە ئەمە ئەوڕۆژەیە کە بەڵێنت پێ درابوو، ئەویش پێی دەڵێت تۆ کێی؟ ڕوخسارت لە ڕووخساری کەسێك دەچێت خێری هێنابێت، دەڵێت: من کردەوەی چاکی تۆم، ئەویش دەڵێت : پەروەردگارم ڕۆژی قیامەت بهێنە هەتا بگەڕێمەوە بۆ ناو کەس و کارو سامان و ماڵم .... ))، پاشان وەصفی حاڵی گیان کێشانی بێ باوەڕ دەکات هەتا دەفەرموێت : (دووبارە گیانەکەی دەگەڕێتەوە بە لاشەیدا، دوو فریشتە دێن و دای دەنیشێنن و پێی دەڵێن : پەروەردگارت کێیە؟ دەڵێت : هاها نازانم، پاشان پێی دەڵێن ئەی ئاینەکەت چیە؟ دەڵێت : هاها نازانم، پێی دەڵێن : ئەی ئەو پیاوەی لە ناوتاندا هاتووە کێیە؟ دەڵێت : هاها نازانم، لەئاسمانەوە بانگ خوازێك بانگ دەکات: بەڕاستی درۆی کرد، لەئاگر جێی بۆ ڕاخەن و دەروازەیەکی لە دۆزەخ بۆ بکەنەوە جا هەڵاوی گەرمی و تەپ و گڕی دۆزەخی دێت بەسەردا و گۆڕەکەی لەسەر دێتەوە یەك هەتا پەراسووەکانی دەچن بەیەکدا تێ پەڕ دەکات، پاشان پیاوێکی ناشرین و پۆشاك ناشرین و بۆگەن دێت بۆلای پێی دەڵێت: مژدە بێت لێت بەوەی پێت ناخۆشە، ئەمە ئەو ڕۆژەیە بەڵێنت پێ دراوە کە دەیبینی، دەڵێت: تۆ کێی؟ سەرو چاوت لەسەرو چاوی کەسێك دەچێت شەڕ بهێنێت، ئەویش دەڵێت من کردەوە پیسەکانتم، ئەویش دەڵێت: پەروەردگارم ڕۆژی قیامەت مەهێنە)(٧).

ئەی خوشکی بەڕێزم : بەو پێیە ئەهلی بەهەشت لە گۆڕکانیاندا خۆشیان پێ ئەگات و سزا و ئازاریش بەردەوام دەبێت بۆ ئەهلی دۆزەخ لە گۆڕکانیاندا پەنا دەگرین بەخوای گەورە هەتا ئەو ڕۆژەی ئیسرافیل (عليه السلام) فودەکات بە کەڕەنادا و هەڵسانی ڕۆژی دوایی بڵاو دەکاتەوە .

خوشکی بەڕێزم: گوێ بگرە لەپەروەردگاری بەتواناو شکۆمەند کە دەفەرموێت:

﴿وَنُفِخَ فِي الصُّورِ فَصَعِقَ مَنْ فِي السَّمَاوَاتِ وَمَنْ فِي الْأَرْضِ إِلَّا مَنْ شَاءَ اللَّهُ ثُمَّ نُفِخَ فِيهِ أُخْرَى فَإِذَا هُمْ قِيَامٌ يَنْظُرُونَ﴾(٨).

واتە : فودەکرێت بەکەڕەنادا (الصور) هەر کەس لەئاسمان و زەوی دابێت دەمرێت جگە لەو کەسەی خوای گەورە خۆی ویستی لەسەرە بمێنێ پاشان فوویەکی تری پێدا دەکرێتەوە کاتێك دەزانی هەموو بەپێوەن چاوەڕوان دەکەن، خوای گەورە و بەتوانا و

(٧) اخرجه : ابو داوود (٤٧٥٣) وهو حديث صحيح .
(٨) {سورة الزمر:٦٨} .

شكۆمەند لە سورەتی (یس)دا وەصفی ئەو دیاردەی دەکات و دەفەرموێت:

﴿وَنُفِخَ فِي الصُّورِ فَإِذَا هُمْ مِنَ الْأَجْدَاثِ إِلَى رَبِّهِمْ يَنْسِلُونَ * قَالُوا يَا وَيْلَنَا مَنْ بَعَثَنَا مِنْ مَرْقَدِنَا هَذَا مَا وَعَدَ الرَّحْمَنُ وَصَدَقَ الْمُرْسَلُونَ * إِنْ كَانَتْ إِلَّا صَيْحَةً وَاحِدَةً فَإِذَا هُمْ جَمِيعٌ لَدَيْنَا مُحْضَرُونَ﴾(٩).

واتە فودەکرێت بەکەرەنادا، کاتێ دەزانن هەموویان لە گۆڕکانیانەوە دێنە دەرەوە بەرەو پەروەردگاریان دەکشێن، دەڵێن وەیل بۆ ئێمە ئەوە کێ زیندووی کردینەوە لە گۆڕکانمانەوە ئەمە ئەو ڕۆژەیە پەروەردگاری میهرەبان بەڵێنی پێ دابوین و نێراوەکان هەواڵی ڕوودانیان بەڕاست دابوو، لەو کاتەدا هیچ نابێت جگە لە دەنگێکی بەرز کاتێك دەزانن هەموویان لەبەردەمماندا ئامادەکراون.

خەڵك لەسەر چی مردوون لەسەر ئەوە زیندوو دەکرێنەوە و دێنە دەرەوە لە گۆڕەکانیانەوە، ئەگەر لەسەر خێر مردبوون لەسەر خێر زیندوو دەکرێنەوە، ئەگەر لەسەر شەڕ مردبوون لەسەر شەڕ زیندوودەکرێنەوە،ئەوە چاکی یان خراپی کۆتاییە، لەخوا دەخوازین سەلامەتمان بکات،خوایگەورە وشکۆمەند دەفەرموێ:

﴿الَّذِينَ يَأْكُلُونَ الرِّبَا لَا يَقُومُونَ إِلَّا كَمَا يَقُومُ الَّذِي يَتَخَبَّطُهُ الشَّيْطَانُ مِنَ الْمَسِّ﴾(١٠).

واتە ئەوانەی سوو دەخۆن لە گۆڕدا ڕاست نابنەوە وەك كەسێك نەبێت کە شەیتان دەستی لێ وەشاندبێت .

بەرامبەر ئەوەش باسی ئەو صەحابی‌یەیە کە ئیحرامی بەستووە لەحەج و دەمرێت ، دەفەرموێت (( إغسلوه بماء وسدر وكفنوه في ثوبه ولاتمسوه بطيب ولا تخمروا رأسه فإنه يبعث يوم القيامة ملبيا ))(١١). واتە بیشۆرن بەئاوو سیدر و بەرگەکەی خۆی بۆ بکەن بە کفن و بۆ نی‌خۆشی لێ مەدەن و سەری دامەپۆشن، چونکە ڕۆژی قیامەت کە زیندوو دەکرێتەوە دەڵێت (لبيك اللهم لبيك).

## (( کۆکردنەوە -الحشر ))

دوای زیندوو کردنەوە خەڵك کۆ دەکرێتەوە، لێرەدا هەرچی لەسەرەتا و کۆتایی‌دا دروست کراوە کۆ دەکرێتەوە، باوك و کوڕ، کوژراو وبکوژەکەی، ستەم لێکراو ستەمکارەکەی، دڵدار و دڵبراوەکەی وەك خوای دەفەرموێت:

﴿قُلْ إِنَّ الْأَوَّلِينَ وَالْآخِرِينَ * لَمَجْمُوعُونَ إِلَى مِيقَاتِ يَوْمٍ مَعْلُومٍ﴾(١٢).

واتە بڵێ ئەوانەی لەسەرەتاوە دروست کراون و ئەوانەی لە کۆتایی‌دا

(٩) {سورة يس:٥١-٥٣}.
(١٠) {سورة البقرة:٢٧٥}.
(١١) اخرجه : البخاري (١٢٥٣)، مسلم (٩٣٩).
(١٢) {سورة الواقعة:٤٩-٥٠}.

دروست کراون لە کاتێکی دیاری کراودا لە ڕۆژی قیامەتدا لە شوێنێکدا کۆ دەکرێنەوە، هەروەها خوای پاك وبێگەرد دەفەرموێت:

﴿هَذَا يَوْمُ الْفَصْلِ جَمَعْنَاكُمْ وَالْأَوَّلِينَ﴾(١٣).

واتە : ئەمە ڕۆژی جیاکردنەوەیە کە ئێوە و پێش ئێوەشمان کۆ کردۆتەوە تێیدا .

خوشکی بەڕێزم تۆیش ئەو ڕۆژە کۆ دەکرێیتەوە بەڕووتی و پێی پەتی، ئەو ڕۆژەی عائیشە (﵂) دەربارەی لە پێغەمبەر (ﷺ) پرسی : ئەی نێراوی خوای گەورە (ﷺ) ژن و پیاو بەڕووتی بە یەکەوە کۆ دەکرێنەوە سەیری یەکتری دەکەن؟ پێغەمبەر (ﷺ) فەرمووی (( یاعائشة الأمر أشد من أن ينظر بعضهم الى بعض ))(١٤)، واتە: ئەی عائیشە کارەکە زۆر لەوە گرانترە بیان پەرژێت سەیری یەکتر بکەن، ئیبن و عەباس (﵄) ووتوویەتی (( هەمووشتێك حەشر دەکرێت هەتا مێشێکیش ))، خوای گەورەش فەرموویەتی:

﴿وَإِذَا الْوُحُوشُ حُشِرَتْ﴾(١٥).

واتە کاتێك گیانلەبەرانی کێویش کۆ دەکرێنەوە، لەو ڕۆژەدا.

﴿يَوْمَ تَرَوْنَهَا تَذْهَلُ كُلُّ مُرْضِعَةٍ عَمَّا أَرْضَعَتْ وَتَضَعُ كُلُّ ذَاتِ حَمْلٍ حَمْلَهَا وَتَرَى النَّاسَ سُكَارَى وَمَا هُمْ بِسُكَارَى وَلَكِنَّ عَذَابَ اللَّهِ شَدِيدٌ﴾(١٦).

واتە لەو ڕۆژەدا هەرچی شیردەر هەیە ئاگای لەوە نامێنێ شیری پێدەدات هەرچی دووگیان هەیە کۆرپەلەکەی لەبار دەچێت ، خەڵك سەر خۆش دەبینی لەڕاستیدا سەرخۆش نین بەڵکو سزای خوای گەورە ئەوەندە توندو تیژە سەری لێ شێواندوون ، هەر لەو ڕۆژەدا.

﴿يَوْمَ لَا يُغْنِي مَوْلًى عَنْ مَوْلًى شَيْئًا وَلَا هُمْ يُنْصَرُونَ﴾(١٧).

واتە: ئەو ڕۆژە، گەورە فریای بچوکی خۆی ناکەوێت بەهیچ شێوەیەك. ئەو ڕۆژە هەموو کەس دەڵێت خۆم خۆم، ڕۆژیش نزیك دەبێتەوە لەو خەڵکەوە ماوەی یەك میل، خەڵکەکە نوقمی ئارەق دەبن، هەیە هەتا قولە پێی ئارەق دێت هەیە تاناوقەدی، هەیە هەتا سەر گۆی مەمکەکانی، هەیە ئارەق ئەگاتە هەردوو گوێچکەی، هەیە ئارەق تا لغاوی دەگات، ئەو خەڵکەش کە کۆدەکرێنەوە سێ جۆرن : لەئەبی هورەیرەوە هاتووە (﵁) ووتوویەتی : پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی : (( يحشر الناس يوم القيامة ثلاثة اصناف، صنفا مشاه ، صنفا ركبانا ، وصنفا على

(١٣) {سورة المرسلات:٣٨} .
(١٤) اخرجه : البخاري (٦٥٢٧) ، وسلم (٢٨٥٩) .
(١٥) {سورة التكوير:٥} .
(١٦) {سورة الحج:٢} .
(١٧) {سورة الدخان:٤١} .

وجوههم قيل : يارسول الله كيف يمشـون على وجوههم، قال إن الذي أمشاهم على أقدامهم قادر على ان يمشيهم على وجوههم أما انهم يتقون بوجوههم كـل حـدب و شوك ))[١٨]، واتـه ڕۆژی قیامـەت كاتـێ خەڵك حەشر دەكرێت و كۆ دەكرێتـەوە، وەسـێ پـۆلن : پۆلێكیـان پیـادەن بـەپێ دێن ، وپۆلێكیان سـوارە بەسـواری دێـن، وپۆلێكیـان لەسـەر ڕویـان دێـن بـەڕێوە، ووترا : ئـەی نێـرراوی خـوا چـۆن لەسـەر ڕوویان دێن دەڕۆن بـەڕێوە؟ فـەرمووی : ئەو خوایـەی لەسـەر قاچیان ئـەی بـردن بەڕێوە، توانای هەیە لەسەر ڕوویان بیـان بات بەڕێوە، بەڕاستی ئەوانـە كـە دەڕۆن بەڕێوە لەسەر ڕوو خۆلەهەموو لێژاییەك و دڕك و داڵێك دەپارێزن.

## ((پەرش و بڵاو بوونەوەی لاپەڕەكان و لێپرسینەوە-تطاير الصحف والحساب))

خوای گەورە فەرموویەتی:

﴿فَأَمَّا مَنْ أُوتِيَ كِتَابَهُ بِيَمِينِهِ * فَسَوْفَ يُحَاسَبُ حِسَابًا يَسِيرًا﴾[١٩].

واتە : هەر كەس نامـەی كردەوەكـانی درایە دەستی ڕاستی ،پاشان بە سووك و ئاسـانی لێی ئەپرسـرێتەوە، هـەروەها فەرموویەتی:

﴿فَأَمَّا مَنْ أُوتِيَ كِتَابَهُ بِيَمِينِهِ فَيَقُولُ هَاؤُمُ اقْرَأُوا كِتَابِيَهْ * إِنِّي ظَنَنْتُ أَنِّي مُلَاقٍ حِسَابِيَهْ * فَهُوَ فِي عِيشَةٍ رَاضِيَةٍ * فِي جَنَّةٍ عَالِيَةٍ * قُطُوفُهَا دَانِيَةٌ * كُلُوا وَاشْرَبُوا هَنِيئًا بِمَا أَسْلَفْتُمْ فِي الْأَيَّامِ الْخَالِيَةِ * وَأَمَّا مَنْ أُوتِيَ كِتَابَهُ بِشِمَالِهِ فَيَقُولُ يَا لَيْتَنِي لَمْ أُوتَ كِتَابِيَهْ * وَلَمْ أَدْرِ مَا حِسَابِيَهْ * يَا لَيْتَهَا كَانَتِ الْقَاضِيَةَ * مَا أَغْنَى عَنِّي مَالِيَهْ * هَلَكَ عَنِّي سُلْطَانِيَهْ * خُذُوهُ فَغُلُّوهُ * ثُمَّ الْجَحِيمَ صَلُّوهُ * ثُمَّ فِي سِلْسِلَةٍ ذَرْعُهَا سَبْعُونَ ذِرَاعًا فَاسْلُكُوهُ * إِنَّهُ كَانَ لَا يُؤْمِنُ بِاللَّهِ الْعَظِيمِ﴾[٢٠].

واتــە : جــا هــەر كـەس نامــەی كردەوەكـانی درایـە دەسـتی ڕاسـتی لـە خۆشـیاندا بەوانـەی دەورو بـەری دەڵێت ئەوە نامەكەمە بیگـرن بیخوێننـەوە، مـن هەر ئـەمزانی ئەگـەم بـەم لێپرسـینەوەیە ئەو كەسە لە ژیانێكی خۆشی پـێ ڕازیدا دەبێـت، لەبەهەشـتی بـەرزو بڵنـددا كـە درەختــە بــەردارەكانیان شــۆڕبۆتەوە، پێیان دەوترێت بخۆن و بخۆنەوە نۆشـی گیانتان بێت بەو كردەوانـەی لـە دونیـادا كردووتانــە، بــەڵام ئــەوەی نامــەی كردەوەكـانی دەدرێتـە دەسـتی چـەپی دەڵێـت خۆزگـە ئـەم نامەیـەم نەدرایـە دەست و نەم زانیایە چ لێپرسـینەوەیەكم دەبێـت، خۆزگـە مردنەكـەم هـەتا سـەر بوایـە وە زیندوونەبوومایـەوە، ئـەو مـاڵ وسـامانەی هـەم بـوو بـەكارم نـەهات ودەسەڵاتەكەم لەدەست چوو، پاشان بە

(١٨) اخرجه : البخاري (٤٧٦٠)،ومسلم (٢٨٠٦)، والترمذي(٣١٤٣) .
(١٩) {سورة الانشقاق:٧-٨} .
(٢٠) {سورة الحاقة:١٩-٣٣} .

فریشتەکان دەوترێت بیگرن و پەیوەندی بکەن وە فڕێی بدەنە ناو دۆزەخەوە پاشان بەکۆت و زنجیرێك پێوەنی بکەن درێژیەکەی هەفتا باڵ بێت چونکە لە دونیادا باوەڕی بە خوای گەورە و مەزن نەهێنا.

خوشکی بەڕێزم خۆتت بێتەوە یاد کاتێ نامەی کردەوەکانت پەرش و بڵاو دەبنەوە و تەرازوو دادەمەزێنرێت و لەبەر چاوی ئەو خەڵکە تۆ بانگ دەکرێیت و دەوترێت فلانی کچی فلان لە کوێیە بابێت بۆ بەردەمی پەروەردگار، یادی ئەو کاتە بکە کە فریشتەیەك دانراوە بۆ بردنت و نزیکت دەکاتەوە بۆ لێپرسینەوە، بێ‌لێتێك چوونی ناوێك، کاتێك ئەو فریشتەیە هەنگاو بە هەنگاو بە ناو ڕیزەکاندا بەرەو پێشانگای پەروەردگارت دەدبات وە دەت وەستێنێ لەبەردەم خوای گەورەدا، کاتێ ئەو خەڵکە هەموو چاویان بڕیوەتە تۆ، تۆش لێ دانی دڵت بەرز دەبێتەوە و ترس وبیمێکی زۆر دات دەگرێت چونکە دەزانیت بەرەو کوێت دەبەن بیر لەخۆت بکەرەوە کاتێك نامەی کردەوەکانت بەدەستەوەیە و کردەوەکانی خۆتت پێ ڕادەگەیەنێت بێ ئەوەی گەردیلەیەکی لێ وون بوبێت. جالەو کاتەدا چەندەها کردەوەی خراپت بووە و لەبیرت چۆتەوە ئەو بیرت دەخاتەوە، وەچەندەها خراپەت هەبووە حەشارت داوە ئەو دەری دەخات، و چەندەها کردەوەت بووە بە چاکت زانیوە کە چی لەو شوێنەدا دەدرێتەوە بەسەرو چاوتدا، ئای دڵت چەندە بەحەسرەتەو پڕ پەژارەیە لەسەر کەم تەرخەمی کردنت دەربارەی پەرستنی پەروەردگارەکەت، ئەو ڕۆژەی دەبرێیت بۆ بەردەم خوای گەورە بۆ لێ پرسینەوە، پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی : (کەس نی‌یە خوای گەورە لەو ڕۆژەدا قسەی لەگەڵ نەکات بێ ئەوەی تەرجومانێك هەبێت لە نێواندا، کاتێ ئەو کەسەی خوای گەورە قسەی لەگەڵدا دەکات تەماشای لای ڕاستی خۆی دەکات کردەوەکانی نەبێت کە کردوونی هیچی تر نابینێت و سەیری لای چەپی دەکات لەوکردەوانە زیاتر کە کردوونی هیچی تر نابینێت و سەیری بەردەمی خۆی دەکات ئاگر نەبێت هیچی تر نابینێت، جا ئێوەش خۆتان لە ئاگر بپارێزن ئەگەر بە لەتە خورمایەکیش بووە )، لە ڕیوایەتێکی تردا هاتووە فەرموویەتی (ئەگەر بەقسەیەکی خۆش بووە)[٢١].

(٢١) اخرجه : البخاري (٦٥٣٩) ، ومسلم (٢٣٤٥) .

## { حەوزەکەی پێغەمبەر (ﷺ) }

لەو ڕۆژەدا پێغەمبەر (ﷺ) حەوزێکی بۆ دانراوە، دەربارەی چۆنێتی ئەو حەوزە ئەم وەسفە هاتووە : (ئاوەکەی لە شیر سپی ترە، بۆنەکەی لەبۆنی مسك خۆشترە، وەك ئەستێرەکانی ئاسمان پەرداخی بەدەوردا دانراوە هەر کەس لێی بخواتەوە هەرگیز تینووی نابێتەوە)[٢٢]، خوشکی بەڕێزم ئایا دەزانی لەو شوێنەدا کەسانێك لە نەتەوەی محمد (ﷺ) هەن دەست بە ڕویانەوە دەنرێت، ڕێی چوونە سەر ئەو حەوزەیان لێ دەگرن، بەپێی ئەوەی پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: (ترد علـى أمتي الحوض، وأنا أذود الناس عنه كما يذود الرجل إبل الرجل عن إبله، قالوا يارسول الله أتعرفنا؟ قال : نعم لكم سيم ليست لأحـد غيركم تردون غُرا محجلين من آثار الوضوء وليصدن عني طائفة منكم فـأقول يـارب هؤلاء أصحابي فيجي ملك فيقول : وهـل تدري مـا أحـدثوا بعـدك )[٢٣]، واتە نەتەوەکەم دێن بۆ لام لای حەوزەکە، لەوکاتەدا من خەڵکی لەسەر دەر دەکەم چۆن پیاو ووشتری پیاوێکی تر لەناو ووشترەکانیدا دەر دەکات ، ووتیان : ئایا ئەی نێرراوی خوا دەمان ناسیتەوە؟ فەرمووی بەڵێ : چوونکە ئێوە سیمایەکتان هەیە کەسی تر نیەتی لەو شوێنەدا کە دێن دەست و پێتان بازووە بە پاشماوەی دەست نوێژ بەڵام کۆمەڵێکتان لێ دەر دەکرێت ناگەن بە حەوزەکە ، منیش دەڵێم ئەی پەروەردگار ئەوانە لە هاوەڵانی منن ، فریشتەیەك دێت دەڵێت : ئایا نازانی ئەمانە دوای تۆ چییان کردووە و داهێناوە { واتە : بیدعەچییەکان } )) ، ئەی خوشکی بەڕێز ئاگات لە خۆت بێت نەبیت بەیەکێ لەوانەی کە ڕێی چوونە سەر حەوزەکەیان لێ دەگیرێت .

## (( تەرازو - الميزان ))

خوای گەورە فەرموویەتی:

﴿ وَنَضَعُ الْمَوَازِينَ الْقِسْطَ لِيَوْمِ الْقِيَامَةِ فَلَا تُظْلَمُ نَفْسٌ شَيْئًا وَإِنْ كَانَ مِثْقَالَ حَبَّةٍ مِنْ خَرْدَلٍ أَتَيْنَا بِهَا وَكَفَى بِنَا حَاسِبِينَ ﴾[٢٤].

واتە ئێمە ڕۆژی قیامەت تەرازووەکان بە دادپەروەری دادەنێین بۆ کێشانی کردەوە چاکەکان و خراپەکان بێ ئەوەی کەس هیچ ستەمێکی لێ بکرێت، ئەگەر کردەوەکەش ئەوەندەی تۆوە خەرتەلەیەکیش بێت دەی هێنین بۆ کێشان، ئەوە بەسە بۆ ئێمە کەلە بەندەکان دەپرسینەوە، پێغەمبەریش

(٢٢) اخرجه : البخاري (٦٥٩٣) ، ومسلم (٥٩٢٨) .
(٢٣) اخرجه : البخاري (٦٥٨٢) ، ومسلم (٥٩٥١) .
(٢٤) {سورة الانبياء:٤٧} .

(ﷺ) فەرموویەتی: (یوضع المیزان یوم القیامة، فلو وزن فیه السموات والارض لوسعت، فتقول الملائکة : یارب لمن یزن هذا ؟ فیقول الله تعالی : لمن شئت من خلقي،فتقول الملائکة : سبحانك ما عبدناك حق عبادتك)[٢٥]، واتە: ڕۆژی قیامەت تەرازوو دادەنرێت ئەگەر ئاسمانەکان و زەوی بخرێتە سەر بۆ کێشان جێگەیان دەبێتەوە تێیدا، فریشتە دەڵێت ئەی پەروەردگار ئەم کێشانە بۆ کێ یە؟ خوای گەورە دەفەرموێت : بۆ ئەوانەی خۆم ئارەزووم لێیان هەیە لە دروست کراوەکانم، فریشتەش دەڵێت : پاك و بێ گەردی بۆ تۆ وەك شایستەی تۆبێت نەمان پەرستووی، جا لێرەدا سەرکەوتن و ڕزگار بوون بۆ کەسێکە کە کێشانەکانی قورس بێت و دۆڕان و تیاچوون بۆ کەسێکە کە کێشانەکانی سووك بێت، خوای گەورە فەرموویەتی:

﴿فَأَمَّا مَنْ ثَقُلَتْ مَوَازِينُهُ * فَهُوَ فِي عِيشَةٍ رَاضِيَةٍ * وَأَمَّا مَنْ خَفَّتْ مَوَازِينُهُ * فَأُمُّهُ هَاوِيَةٌ * وَمَا أَدْرَاكَ مَا هِيَهْ * نَارٌ حَامِيَةٌ ﴾[٢٦].

واتە : هەرکەس تای تەرازووی چاکەی قورس بێت ئەوە لە ژیانێکی خۆش و بەختەوەریدایە، هەر کەسیش تای تەرازووی کاری چاکەی سوك بێت بەسەر سەردا فڕێ دەدرێتە هاویەوە، تۆ نازانیت هاویە چیە؟ ئاگرێکی بەتینی سوتێنەرە.

(( **پردی سیرات – الصراط**))

دربارەی شێوە و سیفەتی ئەم پردە هاتووە کە لەموو باریك ترە و لەشمشێر تیژ ترە، قولاپی گەورە گەورەی لەسەرە خەڵك بە کردەوەکانیان دەفڕێنن، کە هیواهەیە بەسەلامەتی ڕزگاری دەبێت بەڵام هەموو گیانی داڕوشاوە، هەیانە پاڵی پێوەدەنێن بۆ ناو دۆزەخ . (قال رسول الله (ﷺ) یضرب الصراط بین ظهراني جهنم فأکون أنا وأُمتي أول من یجوز ولایتکم یومئذٍ إلاّ الرسل ودعوی الرسل یومئذٍ اللهم سلم سلم ، وفي جهنم کلالیب مثل شوك السعدان هل رأیتم السعدان؟ قالوا نعم یارسول الله (ﷺ) ، قال :فإنها مثل الشوك السعدان غیر أنه لا یعلم قدر عظمها إلاّ الله، یتخطف الناس بأعمالهم ، فمنهم الموبق بعمله، ومنهم المجازي حتی ینجى )[٢٧]، واتە : پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی : (پردی سیرات لەسەر پشتی دۆزەخ دادەمەزرێت من و نەتەوەکەم یەکەم کەسێك دەبین بەسەریا تێ دەپەڕین، لەو کاتەدا کەس توانای قسەکردنی نییە، پێغەمبەران نەبن کە دەڵێن خوایە سەلامەتمان بکە،

(٢٥) انظر : السلسل ة الصحیحة (٩٤١) .

(٢٦) {سورة القارعة:٦-١١} .

(٢٧) اخرجە : البخاري (٧٤٣٧) ، ومسلم (٤٥٠) .

خوایــه ســـه‌لامه‌تمان بکـــه، لـــه‌ناو دۆزه‌خیشــدا قــولاپ هه‌یــه وه‌ك درِكــی ســه‌عدان وایــه، ئایــا ئێــوه ســه‌عدانتان بینیــوه؟ ووتیــان : بــه‌ڵێ، ئــه‌ی نێــرراوی خوا (ﷺ)، فه‌رمووی : ئه‌و قولاپانه وه‌کو درِکی سه‌عدان وان به‌ڵام گه‌وره‌یی ئه‌وانه خـوا نـه‌بێت کـه‌س نازانـێ چـه‌نده، ئـه‌و قولاپانـه پـه‌لاماری خـه‌ڵك ده‌ده‌ن ئـه‌یان فــرِێنن بــه کرده‌وه‌کانیـــان، جاهه‌یــه به‌کرده‌وه‌کــه‌ی تــێ ده‌گلێــت و هه‌یــه به‌سه‌ربا ده‌رِوات هه‌تا رِزگاری ده‌بێت).

خه‌ڵکیش کاتی رِۆیشتنیان به‌سه‌ر ئه‌و پرده‌دا پـۆل پـۆل : له‌ناویانـدا که‌سـانێك هه‌یه وه‌ك بروسکه تێ ده‌په‌رِێت، وه‌ك با پاشـان وه‌ك باڵنـده ... ، (ونبيكم قـائم على الصراط فيقول : رب ! سلم سـلم، حتى تعجز أعمال العباد حتى يجيء الرجـل فلا يستطيع السير إلاّ زحفا ، قـال : وفي حافتي الصراط كلاليب معلقـة. مـأمورة، تأخذ من أمرت بـه ، فمخـدوش نـاج ومكدوس في النار. والّذي نفس أبي هريرة بيده ! إن قعر جهنم لسبعون خريفـاً)[٢٨]، پێغه‌مبه‌ری ئێوه‌ش (ﷺ) له‌سه‌ر پرده‌که وه‌ســـتاوه ده‌ڵێـــت : (پــــه‌روه‌ردگار سه‌لامه‌تمان بکه، سه‌لامه‌تمان بکه، هـه‌تا پیاوی وادێت توانای رِۆیشتنی نی‌یه ته‌نها له‌ســه‌ر ســنگ نــه‌بێت، له‌هــه‌ردوو لای پرده‌کـه‌وه قـولاپ هه‌یـه هه‌ڵواسـراون و فـه‌رمانیان پـێ دراوه ئه‌وانـه بگـرن کـه فــه‌رمان بــه‌گرتنیان ده‌درێــت، هه‌یــه رِزگاری ده‌بێت هه‌موو گیانی دارِووشاوه، هه‌یه پاڵی پێوه ده‌نێن بۆ نـاو دۆزه‌خ. ســوێند بــه‌و خوایــه‌ی گیــانی ئــه‌بی هوره‌یره‌ی به‌ده‌سته (ﷺ) قولایی دۆزه‌خ حـه‌فتا پـایزه ....)، ئه‌وه‌یـه کـه خـواه گه‌وره ده‌فه‌رموێت:

﴿يَوْمَ لَا يُخْزِي اللَّهُ النَّبِيَّ وَالَّذِينَ آمَنُوا مَعَهُ نُورُهُمْ يَسْعَى بَيْنَ أَيْدِيهِمْ وَبِأَيْمَانِهِمْ يَقُولُونَ رَبَّنَا أَتْمِمْ لَنَا نُورَنَا وَاغْفِرْ لَنَا إِنَّكَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ﴾[٢٩].

واته ئه‌و رِۆژه خوای گه‌وره پێغه‌مبـه‌ر (ﷺ) و ئه‌وانه‌ی باوه‌رِیان هێناوه له‌گـه‌ڵیا ســـه‌ر شـــۆرِ ناکـــات رِۆشـــنای‌یه‌کان له‌به‌رده‌میانـــــدا لای راســـــتیانه‌وه ده‌دره‌وشێته‌وه و ده‌ڵێن پـه‌روه‌ردگارمان ئه‌م رِۆشنای‌یه‌مان بۆ به‌رده‌وام بکه و لـه تاوانه‌کانمان ببوره چونکه هه‌ر تـه‌نها تـۆ توانات به‌سه‌ر هه‌موو شتێك دا هه‌یه.

## (( به‌هه‌شت – الجنة ))

به‌هه‌شـــــــت (رِۆشــــــنایی‌یه‌و ده‌دره‌وشـــــێته‌وه، وریحانه‌یـــــــه وده‌له‌رێته‌وه، ته‌لارێکه و دروست کـراوه، رووبارێکــه بـــه‌رده‌وام، میوه‌یـــه تـــه‌واو گه‌یشـتووه، ژنـه پـاك داوێـن و جـوان)، خانووه‌کـــانی (خشـــتێکیان زێـــرِه و

(٢٨) اخرجه : مسلم (٤٨١) .

(٢٩) {سورة التحريم:٨} .

خشـتێکیان زیـوە بەمسـك و ئەزخـەر ڕووکەش کراوە، چـەو و زیخـەکانی دوڕ و یاقوتن، خۆڵەکەی زەعفەرانە، هەر کـەس بچـێتە نـاوی تـێی دا دەمێنێتـەوە بـێ وەڕس بوون، بۆ هەمیشە تێیدا دەژی و مردنــی بۆنیــە بــێ ئــەوەی جــل و بەرگەکـەی هــەرگیزکۆن بێـت و لاوێتــی بەسەر ناچێت) (هەرچی ئـارەزووی بـۆی بجولێـت و چـاوی چـێژی لێ وەربگرێـت تێی داهەیە)[٣٠]، (شـتی وەهـای تێدایـە بەچاو نەبینراوە و بـەگوێ نەبیسـتراوە و بــەدڵی هــیچ کەسیشــدا نــەهاتووە وەك خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿فَلا تَعْلَمُ نَفْسٌ مَا أُخْفِيَ لَهُمْ مِنْ قُرَّةِ أَعْيُنٍ جَزَاءً بِمَا كَانُوا يَعْمَلُونَ﴾[٣١].

واتە: کەس نازانێت چیٚ بۆ هەڵگیراوە لــەو شــتانەی چـاوگەش دەکەنــەوە لــە پاداشــتی ئــەو کارانــەی کردوویانــە، خواردنەکەیان : خوای گەورە دەربـارەی فەرموویەتی:

﴿وَفَاكِهَةٍ مِمَّا يَتَخَيَّرُونَ * وَلَحْمِ طَيْرٍ مِمَّا يَشْتَهُونَ﴾[٣٢].

واتە: میوەهاتی زۆریش خۆیـان هـەڵی دەبـژێرن و گۆشـتی ئـەو باڵندانـەش کـە خۆیـان ئارەزوویـان لێیـەتی و حـەزی لێ دەکەن، خواردنەوەکەیان : خوای گەورە دەربارەی فەرموویەتی:

﴿إِنَّ الْأَبْرَارَ يَشْرَبُونَ مِنْ كَأْسٍ كَانَ مِزَاجُهَا كَافُورًا * عَيْنًا يَشْرَبُ بِهَا عِبَادُ اللَّهِ يُفَجِّرُونَهَا تَفْجِيرًا﴾[٣٣].

واتــە: بەڕاسـتیبێ گوناهــاینش لــە پــەرداخێك دا ئـاو دەخۆنـەوە ئاوەکـەی کـافوری تێکـەڵ کـراوە، سەرچـاوەیەکە بەنـدەکانی خـوای گـەورە لێ دەخۆنـەوە لەهەر شوێنێك ویستیان هەڵی دەقـوڵێنن بە هەڵقوڵانـدن، جـل و بـەرگیان : خـوای گەورە فەرموویەتی:

﴿يُحَلَّوْنَ فِيهَا مِنْ أَسَاوِرَ مِنْ ذَهَبٍ وَلُؤْلُؤًا وَلِبَاسُهُمْ فِيهَا حَرِيرٌ﴾[٣٤].

واتە: دەستیان بەدەست بەندی زیـوو لوء لوء دەڕازێنرێتـەوە و پۆشاکەکانیان لــە ئاوریشــم دروســت کــراوە، هــەروەها فەرموویەتی:

﴿أُولَئِكَ لَهُمْ جَنَّاتُ عَدْنٍ تَجْرِي مِنْ تَحْتِهِمُ الْأَنْهَارُ يُحَلَّوْنَ فِيهَا مِنْ أَسَاوِرَ مِنْ ذَهَبٍ وَيَلْبَسُونَ ثِيَابًا خُضْرًا مِنْ سُنْدُسٍ وَإِسْتَبْرَقٍ مُتَّكِئِينَ فِيهَا عَلَى الْأَرَائِكِ نِعْمَ الثَّوَابُ وَحَسُنَتْ مُرْتَفَقًا﴾[٣٥].

واتە : بەهەشتییەکان لەناو بەهەشتدا بــازنگ و دەســت بەنــدی زێــڕ لەدەســت دەکــەن و پۆشــاکی ســەوزی دووتــوێ دەپۆشن لە ئاوریشمی ئەستوور و تـەنك

(٣٠) اخرجه : البخاري (٤٧٨٠) .

(٣١) {سورة السجدة:١٧} .

(٣٢) {سورة الواقعة:٢١} .

(٣٣) {سورة الانسان:٥-٦} .

(٣٤) {سورة الحج:٢٣} .

(٣٥) {سورة الكهف:٣١} .

لەناو بەهەشتدا لەسەر قەنەفەی ڕازاوە شانیان داداوە، ئائەوەیە پاداشتی چاك و جێوشوێنی چاك لەگەڵیا، ڕاخەرەکانیان.

خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿فِيهَا سُرُرٌ مَرْفُوعَةٌ * وَأَكْوَابٌ مَوْضُوعَةٌ * وَنَمَارِقُ مَصْفُوفَةٌ * وَزَرَابِيُّ مَبْثُوثَةٌ﴾(٣٦).

واتە : لەبەهەشت دا شوێنی خەوتنی بەرزی تێدایە و پەرداخی تێدا بڵاو کراوەتەوە بۆ ئاو خواردنەوە و پاڵپشتی ڕیز کراوە ڕایەخی جوانی تێدا بڵاوکراوەتەوە.

هەروەها فەرموویەتی:

﴿مُتَّكِئِينَ عَلَى فُرُشٍ بَطَائِنُهَا مِنْ إِسْتَبْرَقٍ﴾(٣٧).

واتە : لەو بەهەشتە خۆشەدا بەهەشتی‌یەکان لەسەر ڕاخەرێك شانیان داداوە کە ناو ئاخنەکەیان ئاوریشمە،ڕوبارەکانی خوای گەورە دەربارەیان فەرموویەتی:

﴿مَثَلُ الْجَنَّةِ الَّتِي وُعِدَ الْمُتَّقُونَ فِيهَا أَنْهَارٌ مِنْ مَاءٍ غَيْرِ آسِنٍ وَأَنْهَارٌ مِنْ لَبَنٍ لَمْ يَتَغَيَّرْ طَعْمُهُ وَأَنْهَارٌ مِنْ خَمْرٍ لَذَّةٍ لِلشَّارِبِينَ وَأَنْهَارٌ مِنْ عَسَلٍ مُصَفًّى وَلَهُمْ فِيهَا مِنْ كُلِّ الثَّمَرَاتِ وَمَغْفِرَةٌ مِنْ رَبِّهِمْ كَمَنْ هُوَ خَالِدٌ فِي النَّارِ وَسُقُوا مَاءً حَمِيمًا فَقَطَّعَ أَمْعَاءَهُمْ﴾(٣٨).

واتە : ئایا ئەو بەهەشتەی بەڵێن دراوە بدرێت بەلە خوا ترسەکان کەچەندەها ڕووباری ئاوی سازگاری تێدایە بێ ئەوەی تامیان تێك بچێت و چەندەها ڕوباریش لەشیر کەتام و چێژیان ناگۆڕێت و چەندەها ڕوبار لە هەنگوینی پاڵفتە و لەهەموو میوەهاتێکی تێدایە بۆیان لەگەڵ ئەوانەش دا لێ بوردنی پەروەردگاریان، وەك ئەوانە وان کە بۆ هەمیشە لە ئاگردان و ئاوی لەکوڵ دەکرێت بەدەمیانەوە کاتێ دەگاتە ناو زگیان ڕیخۆڵە کانیان پارچە پارچە دەکات؟، درەختەکانی : خوای گەورە دەربارەیان فەرموویەتی:

﴿وَأَصْحَابُ الْيَمِينِ مَا أَصْحَابُ الْيَمِينِ * فِي سِدْرٍ مَخْضُودٍ * وَطَلْحٍ مَنْضُودٍ * وَظِلٍّ مَمْدُودٍ * وَمَاءٍ مَسْكُوبٍ﴾(٣٩).

واتە : دەستەی ڕاستەکانیش نازانی دەستەی ڕاستەکان لە کوێن لەژێر سێبەری درەختی بێ دڕکدان و لەژێر دارمۆزی بەرچین چین دان و لەژێر سێبەری دوورو درێژ دان و لەتەنیشت تاڤگەو ئاوی حەوز و فوارەدان. ئەوانە دەچنە ناو ئەو بەهەشتەوە بۆ هەتا هەتایە تێیدا دەمێنێتەوە وەك خوای گەورە فەرموویەتی:

﴿إِنَّ الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ كَانَتْ لَهُمْ جَنَّاتُ الْفِرْدَوْسِ نُزُلًا * خَالِدِينَ فِيهَا لَا يَبْغُونَ عَنْهَا حِوَلًا﴾(٤٠).

---

(٣٦) {سورة الغاشية:١٣-١٦} .
(٣٧) {سورة الرحمن:٥٤} .
(٣٨) {سورة محمد:١٥} .
(٣٩){سورة الواقعة:٣١}.
(٤٠) {سورة الكهف:١٠٨} .

واتــە : بەڕاسـتی ئەوانـەی باوەڕیـان هێنـاوە و کـارە چـاکەکانیان کـردووە بەهەشتی فیردەوسمان بۆ ئامادەکردون کـە تـێی دا بحەوێنـەوە، بـۆ هەمیشـە و بەردەوام تێیدا دەمێننـەوە بـێ ئـەوەی داوا بکەن بگوێزرێتەوە بۆ لایەکی تر.

عن أبي سعيد الخدري (ﷺ) قال : قال رسول الله (ﷺ) : (يؤتى بـالموتِ كهيئـةِ كبش أملح، فينادي مناد، ياأهـل الجنـة فيشرئبون وينظرون، فيقول : هل تعرفـون هذا؟ فيقولون : نعم، هذا الموت، وكلهم قد رآه، ثم ينادي : يا أهل النار، فيشـرئبون و ينظرون، فيقول هل تعرفون هذا ؟ فيقولون : نعم، هذا الموت، وكلهم قد رآه، فيذبح، ثم يقول : يا أهل الجنة، خلود فلامـوت. ويا أهل النار، خلود فلاموت)(٤١).

واتــە : پێغەمبــەری خــوایش (ﷺ) فەرموویەتی : (ڕۆژی دوایی مردن لەسـەر شـێوەی بـەرانێکی بـازوو دەهێـنن جـاڕ چییەك جاڕدەدات دەڵێت : ئەی خـەڵکی بەهەشـت ئـەوانیش سـەر هـەڵ دەبـڕن و تەماشا دەکەن، جـا دەڵێت : ئایا ئەمـە دەناسنەوە، ئەوانیش دەڵێن بـەڵێ ئـەوە مردنە، هەموویان ئەو مردنـەیان بینیـوە، پاشان جاڕ چییەك جاڕ دەدات دەڵێت : ئـەی خــەڵکی دۆزەخ، ئــەوانیش ســەر هەڵــدەبڕن و تەماشــا دەکــەن پێــیان دەڵێت : ئایا ئەمە دەناسنەوە؟ ئەوانیش دەڵـێن بـەڵێ ئـەوە مردنـە هـەموویان بینیویانـە، لەبـەر چـاویان لـە نێـوان بەهەشت و دۆزەخدا سەر دەبڕێت پاشان دەڵێت : ئەی خەڵکی بەهەشت مانـەوەی هەمیشـەیی بـێ لـەناو چـوون و ئـەی خەڵکی دۆزەخ مانـەوەی هەمیشـەیی بـێ لـەناو چـوون)، لـەو شـوێنەدا ڕۆژێـك پاداشـــتی زۆر تــر دەدرێــت بەبەهەشـتییەکان وەك خـوای گـەورە فەرموویەتی:

﴿وُجُوهٌ يَوْمَئِذٍ نَاضِرَةٌ * إِلَى رَبِّهَا نَاظِرَةٌ﴾(٤٢).

واتە : لەو ڕۆژەدا ڕوخسارەکان تـەڕو ناسـك دەبـن چـونکە بـە چـاوی خۆیـان سـەیری پـەروەردگاریان دەکـەن و دەی بیـنن. عن صهيبٍ، عن النبي (ﷺ) قـال : (إذا دخل أهل الجنة الجنة، قال : يقول الله تبارك و تعالى : تريدون شـيئاً أزيـدكم؟ فيقولون : ألم تبيض وجوهنا؟ ألم تـدخلنا الجنة وتنجنا من النار؟ قـال : فيكشـف الحجاب فما أعطوا شيئاً أحب إليهم مـن النظر الى ربهم عز وجل ))(٤٣).

واتــە : پێغەمبــەری خــوایش (ﷺ) فەرمووبـەتی : (کاتـێ خـەڵکی بەهەشـت دەچـنە بەهەشـتەوە خـوای بـەتواناو شکۆمەند دەفەرموێت دەتانەوێت شتێکی

---

(٤١) اخرجه : البخاري (٤٧٣٠-٦٥٤٨) ، ومسلم (٧١١٠).

(٤٢) {سورة القيامة:٢٣} .

(٤٣) اخرجه : مسلم (٤٤٨) ، والترمذي (٢٥٥٢) .

ترتان بۆ زیاد بکەم؟ ئەوانیش دەڵێن ئەی ڕووت سپی نەکردووین ئەی نەت خستوینەتە بەهەشت لە ئاگر ڕزگارت نەکردووین، لەوە زیاتر چی هەیە؟ فەرموویەتی : پەردەلادەدرێت خوای گەورە خۆیان نیشان دەدات، بەڕاستی شتێکیان پێ نەبەخشراوە خۆشەویست تر بێت لایان لەسەیرکردنی پەروەردگاریان)، پاشان ئەم ئایەتەی خوێندەوە پێغەمبەر (ﷺ) کە خوای گەورە فەرموویەتی:

﴿لِلَّذِينَ أَحْسَنُوا الْحُسْنَى وَزِيَادَةٌ﴾(٤٤).

واتە : بۆ ئەوانەی چاکەیان کرووە پاداشتی چاکتر و زیادەشیان کە سەیر کردنی خوای گەورەو بەرز و شکۆمەند ئامادەکردووە .

## ((**ئاگر – النار**))

ئاگریش سزای خوایە بۆ دوژمنەکانی ئەوانەی سەرپێچی خۆی ونێرراوەکانی دەکەن، بەڕاستی یادی ئاگر خەوی هەندێ لە پێشینانی زڕاندووە، هەندێکی لە بزەی سەر لێو خستووە، هەتا سەعیدی کوڕی جوبەیر (ڕەحمەتی خوای لێبێت) ووتویەتی : چۆن پێ بکەنم لە کاتێکدا ئاگری دۆزەخ کڵپەی دێت و پێوەندەکانی دامەزراون و کاربەدەستەکانیش ئامادەکراون، جا چۆن ئەوپێشینانە بەو شێوەیە نابن کە دەزانن، عن النعمان بن البشير (رضي الله عنه)، قال : قال رسول الله (ﷺ) : (إن أهون أهل النار عذابا من له نعلان و شِراكان من نار، يغلي منهما دماغه، كما يغلي المرجل ما يرى أن أحدا أشد منه عذابا و إنه لأصونهم عذابا)(٤٥)، واتە: (سوك ترین سزای دۆزەخ کە دەدرێت کەسێکە جوتێ سۆڵی ئاگرینی لە پێدایە مێشکی پێوەی دەکوڵێنێت وەك چۆن مەنجەڵی سەر ئاگر دەکوڵێت و وادەزانێت کەس لەو توندتر سزا نادرێت لە کاتێکدا لە هەمووکەس سزاکەی ئاسان ترە). چۆن بەو شێوەیە نابن دەزانن (ئەو ئاگرە هاواری خۆی بەرز کردەوە بۆ لای پەروەردگاری ووتی : هەندێکم هەندێکمی خوارد، خوای گەورەش ڕێی دا دوو هەناسە بدات، هەناسەیەك لەزستان دا و هەناسەیەك لە هاوین دا، گەرمترین ڕۆژ کەهەستی پێ بکەن لە هاویندا لە گڕ و بڵێسەی دۆزەخەوەیە، وە ساردترین ڕۆژ لە زستاندا لە سەهۆڵ بەندانەکەی دۆزەخەوەیە {کەناوی زەمهەریرە} )(٤٦). چۆن بەو شێوەیە نابن لەکاتێکدا دەزانن کە (ڕۆژی قیامەت دۆزەخ دەهێنن حەفتا هەزار لغاوی هەیە

(٤٤) {سورة يونس:٢٦} .

(٤٥) اخرجه : البخاري (٦٥٦١) ، ومسلم (٥١٦) .

(٤٦) اخرجه : مسلم (١٤٠٠) .

هەر لغاوەی حەفتا هەزار فریشتە ڕای دەکێشن)(٤٧)، چۆن وانابن کە دەزانن ڕادەکێشرێن بەرەو ئەو ئاگرە، خوای گەورە فەرموویەتی:

﴿يَوْمَ يُسْحَبُونَ فِي النَّارِ عَلَى وُجُوهِهِمْ ذُوقُوا مَسَّ سَقَرَ﴾(٤٨).

واتە : ئای لەو ڕۆژەی بەسەر ڕوودا ڕادەکێشرێن لەناو ئاگرداو پێیان دەڵێن دەی بیچێژن تاڵاو و سزای ئاگر.

چۆن بەو شێوەیە نابن دەزانن خوا دەربارەی پۆشاکەکانی دۆزەخیان فەرموویەتی:

﴿هَذَانِ خَصْمَانِ اخْتَصَمُوا فِي رَبِّهِمْ فَالَّذِينَ كَفَرُوا قُطِّعَتْ لَهُمْ ثِيَابٌ مِنْ نَارٍ يُصَبُّ مِنْ فَوْقِ رُؤُوسِهِمُ الْحَمِيمُ﴾(٤٩).

واتە : جا ئەوانەی بێ باوەڕبوون پۆشاکیان لە ئاگر بۆ دەبڕێت و ئاوی لەکوڵیش دەکرێت بەسەریاندا، هەروەها خوای گەورە فەرموویەتی:

﴿سَرَابِيلُهُمْ مِنْ قَطِرَانٍ وَتَغْشَى وُجُوهَهُمُ النَّارُ﴾(٥٠).

واتە : کراسەکانیان لەقەترانە وئاگریش سەرو چاویان دادەپۆشێت، چۆن وانابن کە دەزانن

(٤٧) اخرجه : مسلم (٢٨٤٢) .
(٤٨) {سورة القمر:٤٨} .
(٤٩) {سورة الحج:١٩} .
(٥٠) {سورة ابراهيم:٥٠} .

خواردەمەنییەکانیان خوای گەورە دەربارەی فەرموویەتی:

﴿إِنَّ شَجَرَتَ الزَّقُّومِ * طَعَامُ الْأَثِيمِ * كَالْمُهْلِ يَغْلِي فِي الْبُطُونِ * كَغَلْيِ الْحَمِيمِ﴾(٥١).

واتە : بەڕاستی خواردنی تاوان باران لە دۆزەخدا بەری درەختی زەقنەبووتە، کە وەك قوڕقوشمی تواوە لەناو زگدا دەکوڵێت وەك چۆن ئاو دەکوڵێت و قوڵت دەدات، هەروەها خوای گەورە فەرموویەتی:

﴿فَلَيْسَ لَهُ الْيَوْمَ هَاهُنَا حَمِيمٌ * وَلا طَعَامٌ إِلَّا مِنْ غِسْلِينٍ﴾(٥٢).

واتە : ئەمڕۆ لێرەدا بێ دڵسۆزن، خواردنەکەشیان کێم و زوخاوە، چۆن ئەوە حاڵیان نابێت لە کاتێکدا دەزانن خواردنەوەکەیان خوای گەورە دەربارەی فەرموویەتی:

﴿وَإِنْ يَسْتَغِيثُوا يُغَاثُوا بِمَاءٍ كَالْمُهْلِ يَشْوِي الْوُجُوهَ بِئْسَ الشَّرَابُ وَسَاءَتْ مُرْتَفَقًا﴾(٥٣).

واتە : ئەگەر تینویان بێت و هاوار بکەن بۆ ئاو ئاوێکیان دەدرێتێ وەك قوڕقوشمی تواوە وایە سەرو چاو دەبرژێنێ، خراپترین خواردنەوەیەك جێگەیەکی چەندە ناخۆش و پڕ ئازارە.

چۆن بەو شێوەیە نابن دەزانن گورزیان

(٥١) {سورة الدخان} .
(٥٢) {سورة الحاقة:٣٥-٣٦} .
(٥٣) {سورة الكهف:٢٩} .

بۆ ئامادەكراوە خوای گەورە دەربارەی فەرموویەتی:

﴿وَلَهُمْ مَقَامِعُ مِنْ حَدِيدٍ﴾(٥٤).

واتە : كوتەكیان لە ئاسن بۆ ئامادەكراوە، بەو كوتەكانە لێیان دەدەن. چۆن واناین دەزانن كە زنجیر دەكرێن بە زنجیرێك خوای گەورە دەربارەی فەرموویەتی:

﴿ثُمَّ فِي سِلْسِلَةٍ ذَرْعُهَا سَبْعُونَ ذِرَاعًا فَاسْلُكُوهُ﴾(٥٥).

واتە : بەفریشتەكان دەوترێت پاشان بە زنجیرێك درێژییەكەی حەفتا باڵە بیان بەستنەوە.

موفەسیرەكان دەربارەی ئەو ئایەتە ووتویانە : ئەو زنجیرە لەپاشێوە تێی هەڵدەكێشن هەتا لە دەمێوە دێتە دەرەوە وەك چۆن مریشك دەكرێت بە شیشەوە بۆ برژاندن، چۆن واناین دەزانن ئاواتەكان و داواكانی خەڵكی دۆزەخ هەرگیز نایەتە دی كە خوای گەورە دەربارەی فەرموویەتی:

﴿وَهُمْ يَصْطَرِخُونَ فِيهَا رَبَّنَا أَخْرِجْنَا نَعْمَلْ صَالِحًا غَيْرَ الَّذِي كُنَّا نَعْمَلُ أَوَلَمْ نُعَمِّرْكُمْ مَا يَتَذَكَّرُ فِيهِ مَنْ تَذَكَّرَ وَجَاءَكُمُ النَّذِيرُ فَذُوقُوا فَمَا لِلظَّالِمِينَ مِنْ نَصِيرٍ﴾(٥٦).

واتە : بێ باوەڕەكان لەناو دۆزەخدا هاوار دەكەن دەڵێن پەروەردگارمان لەم دۆزەخە دەرمان بهێنە بمان گێڕەرەوە بۆ دونیا بۆ ئەوەی كردەوەی چاك بكەین نەك ئەو كارە خراپانەی كردوومانە، پێیان دەوترێت ئایا ئەوەندەمان تەمەن پێ نەدان لە دونیا هەركەس بیەوێت بیری تێدا بكاتەوە بیر بكاتەوە؟ لەگەڵ ئەوەشدا نێرراوی ترسێنەرمان بۆ ناردن هەر ڕاست نەبوونەوە، دە بچێژن سزای ئاگر، بەڕاستی بۆ ستەم كاران یارمەتی دەر و دۆست نییە، هەروەها خوای گەورە لەسەر سزای دۆزەخیەكانەوە فەرموویەتی:

﴿رَبَّنَا أَبْصَرْنَا وَسَمِعْنَا فَارْجِعْنَا نَعْمَلْ صَالِحًا إِنَّا مُوقِنُونَ﴾(٥٧).

واتە : پەروەردگارمان بە چاوی خۆمان بینیمان و بەگوێی خۆمان بیستمان ئەوەی باوەڕمان پێی نەبوو، دەبمان گێڕەوە بۆ دونیا هەتا كردەوەی چاك بكەین چونكە ئێستا ئێمە دڵنیاین، وەهەروەها خوای گەورە فەرموویەتی:

﴿قَالُوا رَبَّنَا غَلَبَتْ عَلَيْنَا شِقْوَتُنَا وَكُنَّا قَوْمًا ضَالِّينَ * رَبَّنَا أَخْرِجْنَا مِنْهَا فَإِنْ عُدْنَا فَإِنَّا ظَالِمُونَ﴾(٥٨).

واتە : پەروەردگارمان لەم ئاگرە دەرمان بهێنە، ئەگەر گەڕاینەوە بۆ گومڕایی بەڕاستی ئەوە ستەم كارین، لەو كاتەدا وەڵامی دەم كوت كەریان

(٥٤) {سورة الحج:٢١} .
(٥٥) {سورة الحاقة:٣٢} .
(٥٦) {سورة الفاطر:٣٧} .
(٥٧) {سورة السجدة:١٢} .
(٥٨) {سورة المؤمنون:١٠٦-١٠٧} .

دەدرێتەوە لەلایەن پەروەردگارەوە پێیان دەفەرموێت:

﴿قَالَ اخْسَأُوا فِيهَا وَلَا تُكَلِّمُونِ * إِنَّهُ كَانَ فَرِيقٌ مِنْ عِبَادِي يَقُولُونَ رَبَّنَا آمَنَّا فَاغْفِرْ لَنَا وَارْحَمْنَا وَأَنْتَ خَيْرُ الرَّاحِمِينَ * فَاتَّخَذْتُمُوهُمْ سِخْرِيًّا حَتَّى أَنْسَوْكُمْ ذِكْرِي وَكُنْتُمْ مِنْهُمْ تَضْحَكُونَ﴾[٥٩].

واتە : دەمتان داخەن و قسە مەکەن لەناو ئاگرەکەدا، چەونکە لە دونیادا کۆمەڵێك لە بەندەکانم دەیان ووت : پەروەردگارمان ئێمە باوەڕمان بە تۆ هێناوە، تۆش لێمان خۆش ببە و ڕەحممان پێبکە چونکە تۆ لەهەموو خاوەن ڕەحمەکان بەڕەحم تر و میهرەبان تری کەچی ئێوە گاڵتەتان پێ دەکردن هەتا ئەو گاڵتە پێکردنەتان یادی منی لەبیر بردنەوە وبەردەوام پێیان پێدەکەنین ، کاتێ دۆزەخییەکان داوا لەسەر پەرشتیکەرانی دۆزەخ دەکەن نەختێ سزا کەیان لەسەر سوك بکاتەوە پەنا بەخوا ، وەك خوای گەورە لێیانەوە بۆمان دەگێڕێتەوە دەفەرموێت:

﴿وَقَالَ الَّذِينَ فِي النَّارِ لِخَزَنَةِ جَهَنَّمَ ادْعُوا رَبَّكُمْ يُخَفِّفْ عَنَّا يَوْمًا مِنَ الْعَذَابِ﴾[٦٠].

واتە : ئەوانەی لەناو دۆزەخ دان بەفریشتە بەرپرسەکانی دۆزەخ دەڵێن داوا لە پەروەردگارتان بکەن تاقەیەك ڕۆژ سزامان لەسەر کەم بکاتەوە ، فریشتەکانیش وەڵامیان دەدەنەوە:

﴿قَالُوا أَوَلَمْ تَكُ تَأْتِيكُمْ رُسُلُكُمْ بِالْبَيِّنَاتِ قَالُوا بَلَى قَالُوا فَادْعُوا وَمَا دُعَاءُ الْكَافِرِينَ إِلَّا فِي ضَلَالٍ﴾[٦١].

واتە : پێیان دەڵێن : ئایا پێغەمبەران نەهاتن بۆ سەرتان بەبەڵگەی ڕوون و ئاشکراوە، ئەوانیش دەڵێن : بەڵێ هاتوون، دەڵێن : دەپاڕێنەوە، پاڕانەوەی بێ باوەڕانیش جگە لە گومڕایی هیچی تر نییە.

کاتێ ئومێد بڕاودەبن و ئاواتەکانیان بەدی نایەت تەمەنای مردن دەکەن داوا لە لێپرسراوی دۆزەخ دەکەن داوابکات لە خوای گەورە بۆیان لەناویان بەرێت و بیان مرێنێ:

﴿وَنَادَوْا يَا مَالِكُ لِيَقْضِ عَلَيْنَا رَبُّكَ قَالَ إِنَّكُمْ مَاكِثُونَ * لَقَدْ جِئْنَاكُمْ بِالْحَقِّ وَلَكِنَّ أَكْثَرَكُمْ لِلْحَقِّ كَارِهُونَ﴾[٦٢].

واتە : هاوار دەکەن دەڵێن ئەی مالیك با پەروەردگارت بمان کوژێت و ڕزگارمان ببێت لەم سزایە، ئەویش پێیان دەڵێت : دەبێ هەر بمێننەوە تێیدا، چونکە بەڕاستی هەقمان بۆ هێنان بەڵام بەشی زۆر تان ڕقتان لەهەق دەبووەوە. پۆزش هێنانەوە لەناو ئاگردا وەرناگیرێت، ئەوانەی لە دونیادا خەڵك شوێنیان

---

(٥٩) {سورة المؤمنون:١٠٨-١١٠} .

(٦٠) {سورة الغافر:٤٩}.

(٦١) {سورة الغافر:٥٠} .

(٦٢) {سورة الزخرف:٧٧-٧٨} .

دەکەویت خۆیان لە شوێن کەوتووەکانیان بەری دەکەن بە شێوەیەك شەیتان خۆی بەری دەکات لەو شوێن کەوتوانەی فەرمانەکانیان بەجێ هێناوە وسەپێچی خوای گەورەیان دەکرد، ئەوەتا شەیتان لەسەر دوانگەیەك لەناو دۆزەخ دا ڕاست دەبێتەوە و بەشوێن کەوتووەکانی خۆی دەڵێت : وەك خوای گەورە وەصفی ئەو شوێنە دەکات و دەفەرموێت:

﴿وَقَالَ الشَّيْطَانُ لَمَّا قُضِيَ الأَمْرُ إِنَّ اللَّهَ وَعَدَكُمْ وَعْدَ الْحَقِّ وَوَعَدْتُكُمْ فَأَخْلَفْتُكُمْ وَمَا كَانَ لِيَ عَلَيْكُمْ مِنْ سُلْطَانٍ إِلَّا أَنْ دَعَوْتُكُمْ فَاسْتَجَبْتُمْ لِي فَلا تَلُومُونِي وَلُومُوا أَنْفُسَكُمْ مَا أَنَا بِمُصْرِخِكُمْ وَمَا أَنْتُمْ بِمُصْرِخِيَّ إِنِّي كَفَرْتُ بِمَا أَشْرَكْتُمُونِ مِنْ قَبْلُ إِنَّ الظَّالِمِينَ لَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ﴾[٦٣].

واتە : کاتێ هەموو شتێك دەبڕێتەوە و شەیتان ڕوو دەکاتە پەیڕەو کەرانی و دەڵێت بەڕاستی خوای گەورە پەیمانی پێدابوون پەیمانی ڕاستی، منیش پەیمانی درۆ، کەچی ئێوە هەر شوێنم کەوتن هەرچەندە من دەسەڵاتم بەسەرتانا نەبوو، ئەوەنەبێ بانگەوازم لێ کردن ئێوەش گێلانە هاتن بەدەم بانگەوازەکەمەوە، جا لۆمەی من مەکەن بەڵکو لۆمەی خۆتان بکەن لەسەر ئەوە، ئێستاش من توانای بەدەمەوە هاتنی ئێوەم نییەو ئێوەش توانای بەدەمەوە هاتنی منتان نییە بەڕاستی من هەر باوەڕم بەوە نەبووە کە منتان کردبووە هاوبەش لە دونیادا بەڕاستی ستەم کارانیش سزای توند و تیژیان بۆ ئامادەکراوە.

خوشکی بەڕێزم ئایەتەکانی قورئان دەربارەی وەصفی ئاگر و ئەوانەی لەناو ئاگردان زۆر زۆرە، بەڵام بیرخستنەوەیەك پاڵی پێوە نااین بۆی لەترسی مەترسی ئاگر و سزای خوای گەورە لەسەرتان، بەدروستیش هاتووە لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) فەرموویەتی : (إطلعت في النار فوجدت أكثر أهلها النساء)[٦٤]، واتە : سەیری ناو ئاگری دۆزەخم کرد بینیم بەشی زۆری خەڵکەکەی ئافرەتانن .

هەروەها بە ئافرەتانی فەرمووە (تصدقن فإني رأيتكن أكثر أهل النار)[٦٥]، واتە : ئافرەتان خێر و صەدەقە زۆر بکەن چونکە بینیومە بەشی زۆری دۆزەخییەکان لە ئێوەن .

خوشکی بەڕێزم-بزانە کەتۆ ئەگەر نەگەیشتی بە نیشانەکانی هاتنی ڕۆژی دوایی، ڕۆژی دوایی بەپەلەی تۆ مردنتە، جا کاتێ کاتی مردن هات ئەوە گەیشتنە بەوڕۆژەدا، بەڕاستی خوای گەورە فەرموویەتی:

(٦٣) {سورة ابراهيم:٢٢} .

(٦٤) اخرجه : البخاري (٦٤٤٩) ، وسلم (٦٨٧٣) .

(٦٥) اخرجه : مسلم (٢٣٨) .

﴿ فَأَنَّىٰ لَهُمْ إِذَا جَاءَتْهُمْ ذِكْرَاهُمْ ﴾ (٦٦) .

واتە : چۆن بۆیان هەیە بیربکەنەوە و تۆبە بکەن کاتێ ڕۆژیدوایی بێت هەروەها لەسەرەمەرگ دا هەڵنوتانێك نیە بوترێت و تۆبەیەك نیە بەدەست بێت.

ئەوش ڕێگای بەهەشت و ڕێگای دۆزەخ، باش سەرنج بدە کام ڕێگایان دەگرێت؟ بۆ کوێ دەچیت؟.

**وصلى الله على محمد وعلى آله وصحبه وسلم**

ئەو سەرچاوانەی کەڵکم لێ وەرگرتوون

١. تەفسیری ئاسان .
٢. تەفسیری نامی .

حمه أمين أحمد برزنجی

(٦٦) {سورة محمد:١٨} .